# دوعا دەڵێ دین سەرچاوەی کوشتنی ژنانە

**ئاسۆ کمال**

مارکس ووتویەتی دین تلیاکی گەلانە ، دوعاش پیمان دەڵێ دین سەرچاوەی کوشتنی ژنانە.لەم رۆژگارەی ئیستاماندا دین تەنها خەلك بێهۆش ناکات بۆ نەبینینی سەرچاوەی چەوسانەوە و بێمافی خۆی بەلکو دین خۆی بوەتە وەسیلە و پاڵپشتی شەرعی کوشتنی ئینسانی ژێردەستە و چەوساوە. کوشتنی دوعا بەدەستی دین کراوە . کوشتنی هەزاران ژن لە 16 ساڵی رابردوو لە کوردستاندا بەپشتیوانی قانونی ئەحوال شەخسی و داب ونەریتی پیاوسالاری و عەشیرەتی کراوە کە لە کۆمەلگای رۆژهەلاتیدا سەرچاوەی شەرعیەتی لە دینی ئیسلامەوە وەرگرتوە.

تەقینەوەی شەپۆلی رق وبیزاری جەماوەری کوردستان بە بەردبارنکردنی دوعا پەیامێکی نارەزایەتی بوو بەرامبەر بەدەسەلاتێك کە لەسایەیدا هەزاران ژن کوژراوە. چەوسانەوە و پلەدوویی و ژیردەستەیی ژن بەشێك لە سەرخانی سیاسی دەسەلاتی ناسیونالیزمی کورد پیك دێنێت. ناسیونالیزمێك کە پشتی بەستوە بەدینی ئیسلام بۆ هێشتنەوەی دەسەلاتێکی نامەدەنی و بنەماڵەیی لە 16 ساڵی رابردوودا زەمینەی خۆشکردوە بۆ کوشتاری بەکۆمەڵی ژنان . ئەم رەوتی کوشتاری ژنانە ژیاندنەوەی شەریعەتی ژن کوشتن بوە و دینی کردۆتە پاساودەری ئەم تاوانانە و دەسەلات پاساوی چاوپۆشی خۆی پێداوەتەوە. ئەوەی جارجارە لەژێر فشاری نارەزایەتی دەنگی یەکسانی خوازانەی ژن وپیاودا ئەم دەسەلاتە بەندیکی قانونی کوشتنی ژنانی گۆریوە یاخود بەیانیکی دژ بە کوشتنی دوعا دەرکردوە ناتوانێ ئەو حەقیقەتە بشاریتەوە کە دینی ئیسلام کە سەرچاوەی کوشتنی ژنانە بەپاریزراوی هێلراوەتەوە و بریارە بیکەنە بەندیکی دەستوری پیشنیارکراویش لە کوردستاندا.

جیاوازی رۆژی 8 ی نیسان لە پێش ئەو بەرواره ئەوەیە کە هیزیکی جەماوەری نارازی لەکوردستاندا هەیە کە دریژەدان بە کوشتنی ژنان قبول ناکات. نارازیە بە دەسەلاتی دین و دەسەلاتی کۆنەپەرستی و عەشیرەتی کە ئەم کوشتارەیان لە کۆمەلگادا بەریخستوە. ئەمە تەوژمێکی رادیکال بونەوەی کۆمەڵگای کوردستانە کە دەیەوێت دەسەلاتیکی مەدەنی لە کوردستاندا دابمەزرێ . ئەمە مەیدانیکی ناکۆکی نیوان مەدەنی بوونی کۆمەڵگا و کۆنەپەرستی دەسەلاتە. بەڵام تاکاتێك ئەم تەوژمە دەست نەبات بۆ سەرچاوەی کوشتنی ژنان کە دین و بەتایبەت ئیسلامە کۆمەلگا لەدەست ئەم کۆنەپەرستیەی دەسەلات رزگاری نابێت. نەبرینی پەتی ناوکی دین بەدەسەلاتەوە ئەم دەسەلاتی کوشتنی ژنانە دەژینیتەوە. پیویستە دەسەلاتی دین بەسەر کۆمەلگاشەوە نەهیلریت و بخریتەوە چواردیوای عیبادەتی شەخسی و پەروەردە وفیرکردن و ژیانی کۆمەلایەتی لەم سەرچاوەی کوشتنی ژنانە بەدوور بگیریت و لەپاڵ مادە کوشندەکاندا نیشانەی کوشندە و خەتەری لەسەر دابنرێ. ئەمە برینەوەی دەستیکی دەسەلاتیکە کە 16 ساڵە لەسایەیدا دەسەلاتی کوشتاری ژنان رەواجی هەیە. ئەمە ریفۆرمێك نیيە لەدەسەلاتدا بەلکو ریفۆرمیکە بەسەر دەسەلاتدا دەسەپینرێ.
هەنگاوەکانی بزوتنەوەی دوعا پیویستی بە رادیکالیزمێك هەیە کە هیچ شتێك لە سەروو قودسیەتی ماف وئازادی و پلەوپایەی ئینسانی ژن لە کۆمەلگادا دانەنێت و ئامادەی شەڕ بێت لە گەڵ سەرچاوەکانی کوشتاری ژنان لە کوردستان کە دین و دەسەلاتە. زەواجی بەزۆری کۆمەلگای مەدەنی کوردستان لە گەڵ ئیسلام و دین و لەگەڵ دەسەلاتی نامەدەنی یەکیتی وپارتی هەلوەشینیتەوە.

سوودوەرگرتنی ئیسلامیەکان بۆ هاندانی خەلك بۆ پاراستنی ئیسلام لەمەسەلەی دوعادا بەمانای شەریك بونیانە لەتاوانی کوشتنی دوعادا. ئەم هیزانە لە هەر پەشیویەکی جەوی سیاسی و کۆمەلایەتی سوودی خراپ وەردەگرن و بەشوێن باوەشێن کردنی دەمارگیری ئیسلامیەوەن کە سەرچاوەی دەسەلاتی ئەم هیزانەیە. بزوتنەوەی دژی کوشتاری ژنان لە کوردستان کە ئیسلامیەکانی کوردستانی تەنگاو کردوە پیویستە تا داکوتانی بزماری ئاخر لە تابوتی سەرچاوەکانی کوشتاری ژنان کە دینە خۆی ئامادەی بەرپەرچەکرداری ئەم رەوتە ئیسلامیانەش بداتەوە. ریگەگرتن لە گۆرینی رەوتی دژی کوشتاری ژنان بە رەوتی شەری ئیسلام و یەزیدی ئەو یەکەمین بزمارەیە کە جەماوەر دەیەویت لە یەکەمین تابوتی رەوتی دەمارگیری ئیسلامی بدات.

بزوتنەوەی دوعا ئایندەیەکی پر لەکار و کێشەی تازەی تیدایە کە کاریگەری لەسەر ئایندەی رەوتی مەدەنیەت وعەلمانیەتی کوردستان دەبیت ، بەسەرکەوتنی بزوتنەوەی دوعا لە کۆتایی هینان بە کوشتنی ژناندا سکۆلاریزم لە کوردستان دەستی باڵاپەیدادەکا و ریز و پایە و ماف وئازادیەکانی ژنان دەچیتە ئاستی کۆمەلگا مەدەنیەکانی سەردەمی ئیستامانەوە و کۆنەپەرستی وەك تارمایەکی رەش دەتوانیت بەجێبیلێت. ئەمە ئومید وئایندەیەکی گەورەیە بۆ ژنان و بۆ سەرجەم کۆمەلگای مەدەنی کوردستان و پیویستە هەموو بەپیریەوە بچین وچالاکانە کار بۆ بەسەرکەوتن گەیاندنی بکەین. ماف وئازادیەکانی ژنان لە قانون ولە دەسەلات ولە خویندن ولەپەروەردە و لە ژیانی کۆمەلایەتی وسیاسی وئابوریدا دەبیت بەنەخشەوە بگۆڕین.

2007/05/12